پەرلەمانتارێکی یەکێتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رەخنە لە پڕۆژە (هەژماری من) دەگرێت



پەرلەمانتارێکی یەکێتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رەخنە لە پڕۆژە (هەژماری من) دەگرێت و دەڵێت، نەك كۆشەی مووچە چارەسەر ناكات، بەڵكو وادەكات حكومەت وەك پێشتر دەتوانێت مووچە دوابخات و پاشكەوت و لێبڕینی مووچە بردەوام بێت. د. بێیار رەشید، پەرلەمانتاری یەكێتی و ئەندامی لیژنەی ئابووری و بازرگانی و پیشەسازی لە پەرلەمانی عێراق لەبارەی ئەو پڕۆژەیەوە دا رایگەیاند: پڕۆژەی (هەژماری من) كۆشەی مووچە چارەسەر ناكات لەبەر ئەوەی مووچەی هاووڵاتیان پەیوەندی بە پڕۆژەی هەژماری منەوە نییە، هەروەها حكومەت وەك پێشتر دەتوانێت مووچە دوابخات و پاشكەوت و لێبڕینی مووچە بردەوام بێت. باسی لەوەشكردووە: "حكومەت ئومێدی بووە كە مووچەخۆران مووچەكانیان لەسەر هەژمارە باكییەكانیان رانەكێشن و بیهێنەوە و بەمەش حكومەت بتوانێت قەرز لەهەمان ئەو بانكانە وەربگرێت و بیداتەوە بە مووچە".